# بەرەوشانۆی هەژار



نووسەر:

عەلی فەرهادی پوور

وەرگێرانی:

ڕەحمان عەزیزی

له ساڵی ١٩٣٣،هەمان ساڵ لەگەڵ بەرزبوونەوەی کاریگەریی نازیزسمی هیتلەر، پێسکاتۆر و برێخت و ڕینهارت ئەڵمانیایان بەجێهێشت و هەر لەو ساڵەدا کە قوتابخانەکانی هونەری مۆدێرن وەک باوهاوس داخران، "یرژی گرۆتێڤسکی" له پۆڵەندا لەدایکبوو کە دواتر بوو بە بەناوبانگترین سەرچاوەی مۆدێرن بیرۆکەی شانۆیی سەدەی بیستەم.

ئەوەی ئەمڕۆ بە شانۆی تاقیگە ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٩ لە پۆڵەندا لەلایەن یرژی گرۆتێڤسکی [١](دەرهێنەرێکی تەمەن ٢٦ ساڵ کە ئەو کاتە نەناسرابوو) و لودویک فلاین (ڕەخنەگرێکی گەنج)دامەزراوە.

و گرۆتێڤسکی لە یەکەم نمایشەکانیدا وەک ئۆرفی ( ژان کۆکتۆ) و قابیل (لۆرد بایرۆن) گروپێکی بچووکی ئەکتەریان کۆکردەوە و بە هاوکاری ئەوان یەکەم تاقیکردنەوەکانی بۆ ئەوەی بگاتە شانۆ جیاوازەکەی خۆی ئەنجامدا، تا لە ساڵی ١٩٦١ دوو ئەکتەری گرنگ پەیوەندییان بە گروپەکەوە کرد: ڕیچارد چیسلاک و زبیگنیو تسینکۆتیس.

## ● هۆکارە سەرەکییەکانی جیاوازی نێوان گرۆتێڤسکی و هاوچەرخەکانی

گرۆتێڤسکی لە چەند ڕوویەکەوە لە هاوچەرخەکانی جیاوازە:

- بۆچوونەکانی لەسەر نواندن،
- ئەگەرەکان و ئاسانکارییەکانی دیمەن لە شانۆ،
- هەروەها پەیوەندی نێوان نمایشکاران و بینەر.

سەرەتا باس

لە بۆچوونەکانی سەبارەت بە ئەکتەر، و ئاسانکارییەکانی شانۆ، پاشان بۆچوونی ئەو سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ بینەر،دەکەین.

بێ گومان ناوبانگ و گرنگیی گرۆتۆفسکی پێویستە لەم کۆمێنتەدا زیاتر پەیرەو بکرێت کە وتی "شانۆ بەبێ هەموو توخمەکان دەتوانێت بوونی هەبێت، بەڵام بەبێ ئەکتەرهەرگیز. »

ئەو زۆربەی ژیانی خۆی بۆ ئەمە تەرخان کرد،تا بە دۆزینەوەی شێوازگەلێک کە بەهۆیەوەکە بتوانیت ئەکتەرێک ڕابهێنێت کە بە تەواوی لە خزمەت ئامانجی شانۆکەدا بێت. ئامانجێکی میتافیزیکی و ناوەکی کە هەموو کەس ناتوانێت پێی بگات.

بەم شێوەیە وردە وردە بۆ ئەم لایە ڕێنمایی کرا کە لە دیکۆر و ماکیاژ و ڕووناکی و توخمەکانی تر کەمترین سوودی لێ وەربگیرێت و ڕۆڵێکی ناوەندی بە ئەکتەربەبخشێت.

[١] Jerzy Marian Grotowski

شانۆ، لەو کاتەدا کە گرۆتێفسکی یەکەم تاقیکردنەوەکانی ئەنجام دەدا، چەندین ڕەوتی سەرەکی هەبوو.ڕینهارت، پێسکاتۆر، کرایگ و ئاپیا، بە گرنگیدان بە تەکنەلۆژیای بینراو (فیلم، سلاید، ڕووناکی و دیکۆر)، شانۆیان کردبووە ڕکابەرێکی تەکنەلۆژی بۆ سینەما.

برێخت بە دووپاتکردنەوەی جەختکردنەوە لەسەر دوورکەوتنەوە لە هەست وە هاندانی وروژاندنی هێزی بیرکردنەوە و ئیستدلالکردنی بینەر، بەهای هەست و سۆزی مرۆڤ و میتافیزیکی تەحەدای لە شانۆدا کردبوو و تیۆرییەکانی ستانیسلافسکی لەلایەن برێخت و مێیرهۆلد و میخائیل چێخۆڤ (ئەکتەر-دەرهێنەری) چاکسازی و گۆڕانکارییان بەسەردا هات.

ئەبسوردیستەکان فۆرمێکی نوێی شانۆنامەنووسی و نمایشیان ناساندبوو وە هەندێکی تریش وەک "لوکا رۆنکۆنی" و «گروپی شانۆی لیوینیگ»، بواری نمایشی سەر شەقام ومەیدانی یان وبە ئامادەبوونی بینەرێکی زۆر فراوانتر کرد.

لەم نێوەندەدا "ئەنتۆنێن ئارتو" تیۆرییەکانی خستەڕوو کە بۆ ئەکادیمیستەکان سەیر بوون.

ئارتۆ یەکێک لە پراکتیزەکان وئەرک وە ئامانجە بنەڕەتییەکانی شانۆکە بریتییە لە گەیاندنی ئەکتەر-بینەر بە جۆرێک لە ئیکستازیدا،خوێی وە وروژاندنێکی پڕ لە هەست و سۆز و توندوتیژی دەزانی کە دەتوانێت مانای کۆتایی "کاتارسیس" بێت.

گرۆتۆفسکی لە ژێر کاریگەری ئارتۆدا بووە وە هەندێک دەڵێن ئەوەی ئارتۆ بە شێوەی تیۆری پێشکەشی کردبوو، گرۆتۆفسکی ئەنجامداوە.

گرۆتێفسکی ژمارەی زۆری بینەرانی وەک بەهایەک لە خۆیدا نەدەبینی. وعەقڵانییەتی توندڕەوی، لە شانۆی خۆیاندا داخڵ نەکرد. بەهای شانۆی لەم بابەتەدا دەیزانی کە ناسنامەی خۆی نەک لە کێبرکێ لەگەڵ سینەما و تەلەفزیۆن، بەڵکو لەئەگەرەکانی دامەزراوە ژینگەییەکانیدا بەدوایدا بگەڕێن، وهەندێک لە توخمە شانۆییەکان وەک دیکۆر، ماکیاژ و ڕووناکی لەبەرچاو نەگرت و تەنانەت پێناسەیەکی پراکتیکی دیکەی بۆ دابین نەکردن.

## • یوجینو باربا و یرژی گرۆتێڤسکی

ڕەنگە گرنگترین ڕووداو لە ڕەوتی کاری شانۆی تاقیگەیی گرۆتێفسکی کاتێک ڕوویدا کە بە هەوڵەکانی خوێندکاری گرۆتێفسکی (باربا) تیۆری و شێوازی کارکردنی گرۆتێفسکی لە کتێبێکدا بە ناوی "بەرەو شانۆی هەژار" بڵاوکرایەوە. ئەم بەرهەمە لە مانیفێستەکەی ئەنتۆنین ئارتۆ لە کتێبی "شانۆ و هاوشێوەکەی" دەچێت. باربا لە ساڵی ١٩٦٨ بە بەشداریی دارایی کۆمپانیای تایبەتی خۆی - شانۆی ئۆدین، کتێبی "بەرەو شانۆی هەژار"ی گرۆتێفسکی چاپ و بڵاوی دەکاتەوە.

یوجینو باربا (دەرهێنەری و تیۆریست ئیتاڵی) بە کاریگەری لەسەر تیۆری و نمایشەکانی گرۆتۆفسکی، مۆدێلە تیۆریەکانی خۆی سەبارەت بە دراماتورژی و پەروەردە و ڕاهێنانی ئەنجامدەر دروستکردووە. باربا لە ساڵی ١٩٦٠ تا ١٩٦٤ وەک یاریدەدەری دەرهێنەر لەگەڵ گرۆتێفسکی کاری کردووە. یەکێک لەو شتانەی کە گرۆتێفسکی و باربا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەشداری دانی ئەنترۆپۆلۆژیای(مرۆڤناسی) شانۆ لەلایەن ئەم دووانە لە بواری شانۆ و توێژینەوەی شانۆییە. باربا خۆی پەیوەندی خوێندکاری لەگەڵ گرۆتێفسکی وەک پەیوەندی نێوان مورید و موراد وەسف دەکات. باربا لە ناساندنی کارەکانی گرۆتێفسکی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و پێناسەکردنی ڕێبازی شانۆی تاقیگەیی زۆر سەرکەوتوو بوو، هەروەهاکە کاریگەرییەکەی لە نمایشەکانی خۆیدا ئاشکرایە.نمایشەکانی وەک "کاسپاریانا"، "ماڵی باوکم" و "کۆشکی هۆستبرۆ".

بە بڕوای گرۆتێفسکی، بە پێی بۆچوونێکی هەڵە، ئەکتەرێک بە ئەزموون دەتوانێت کۆمەڵێک فێڵ وتەڵەکە و شێوەی جۆراجۆر ساختە بکات. دەتوانێت بۆ هەر ڕۆڵێک چەندین لەو چەکانە هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی سۆزێکی پێویست بەدەستبهێنێت بۆ ئەوەی سەرنجی بینەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. ئەم چەکخانەیە یان فرۆشگایە پڕلە کلیشەیە و بەم شێوەیە ئەکتەرێکی لەو جۆرە لە چەمکی ئەکتەری خۆنمایشکەر جیا نابێتەوە. جیاوازی نێوان ئەکتەری خۆنمایشکەر و ئەکتەری پیرۆز هەمان جیاوازی نێوان لێهاتوویی کەسێکی ناشەرعی دەربارییە و ئەو پرۆسەیە بەردەوامەی کە لە سۆز و خۆشەویستی ڕاستەقینەوە لەدایک دەبێت. ئەکتەرێک کە خۆی ئاشکرا دەکات و وە ناوەوەترین بەشی بوونی - - ئەو بەشەی کە لە چاوی کەسانی تر شاراوەتەوە - دەکاتەقوربانی- دەبێت بتوانێت بە جوڵە و دەنگ، پاڵنەرەکان کە بە سنووری خەون و واقیعەوە هەڵواسراون پێشکەش وبخاتەڕوو. دەبێت بتوانێت زمانێکی دەروونشیکاری لە جووڵە و دەنگەکان دابمەزرێنێت کە هی خۆی بێت.

پیشەی سەرەکی ئەولە قۆناغی یەکەمدا ڕاهێنانی ئەکتەرە. بۆ ئەمەش سەرچاوەی جۆراوجۆری لە ستانیسلاڤسکی، مێرهۆڵد، ڤاختانگۆڤ و ئەوانی دیکە بەکارهێناوە. سیستەمەکەی ئەو داوای لەئەکتەردەکرد کە بە تەواوی لەسەر جەستە و دەنگ و تەنانەت عەقڵی و ڕۆحی خۆی زاڵ بن بۆ ئەوەی بتوانێت بە تەواوی خۆی لەگەڵ پێداویستییەکانی نمایشەکەدا بگونجێنێت. بە بڕوای گرۆتێفسکی، ئەکتەر دەبێت هەستێکی سەرسوڕمان لە بینەردا ورووژێنێت، چونکە توانای ئەوەی هەیە زۆر زیاتر لە چاوەڕوانی و توانای بینەر تێپەڕێت.

ڕاهێنانەکان وپراکتیزەکردنی دروست ڕێگە بە ئەکتەر دەدات دەنگی نایاب سەرسوڕهێنەرە بەرهەم بهێنێت و بەو هۆیەوە بەکاری بهێنێت، وەک ئەوەی لە بەشە جیاوازەکانی جەستەیەوە دروست بێت، لە پشتی سەریەوە، لە ژێر بڕبڕەی پشتەوە، لە گەدە و هتد. گرۆتێفسکی ئەم ناوچانەی بە "دەنگدانەوە" ناوبردووە. ئەو هەوڵ دەدات پرۆسەی دەروونی ئەکتەر بخاتەڕوو. بەهۆی چەندین ساڵ پەروەردەکردن و ڕاهێنانی ڕۆژانە و تەکنیکی جەستەیی سەخت وقورس، و توانای دەنگی، ئەکتەر دەگاتە خاڵێکی هێندە بەرزی هۆشیاری کە دەتوانێت لە کاتی نمایشەکەدا وەک لە جیهانێکی ترانسدا بە تەواوی ئازاد بێت.

لە کارگە و وۆرک شۆپەکەی گرۆتێفسکیدا ،پرسەکە پرسی تەسلیمبوونە و ئەکتەر دەبێت قووڵترین ئینتیمای خۆی بە بڕوا ومتمانەیەکی تەواوەوە هاوبەش بکات هەر بەو جۆرێ کە کە خۆی لە خۆشەویستیدا تەسلیم دەکات.ئەکتەرێک کە مامەڵە لەگەڵ خۆڕاگریکردن دەکات ،دەست بە گەشتێک دەکات گەشتێک کە کە وردەکارییەکانی بە کاردانەوەی جۆراوجۆر، دەنگ و ڕەفتاری ئەوە تۆمار دەکرێت و جۆرێک لە بانگهێشتکردن بۆ بینەرفۆرمولە دەکات و پێکدەهێنێت.

لە ڕوانگەی گرۆتێفسکییەوە تەکنیکی کەسیی ئەکتەر ناوەکی شانۆ پێکدەهێنێت، لای ئەو ڕاهێنانی ئەکتەر بە مانای ئەوە نییە فێری شتێکی بکات. ئەکتەرەکانی هەوڵ دەدەن بەسەر بەرخۆدانی ئۆرگانیکەکانیان لەدژی ئەم پرۆسەیە زاڵ بن. لە ڕووی کاتەوە هیچ مەودایەک لە نێوان پاڵنەرە ناوخۆییەکان و کاردانەوەی دەرەکیدا نییە. واتە پاڵنەر و کردار دەبێت لەگەڵ یەکتردا بگونجێت. هاندان و کاردانەوە ڕکابەر یەکترن. واتە جەستە دەسوتێت و دووبارە بەرز دەبێتەوە و بینەر تەنها ڕیزێک لەم پاڵنەرە دیارانە دەبینێت. بە زمانی تەکنیکە فۆرماڵییەکان دەکرێت بڵێین بە زیادکردن یان زیادەڕۆییکردنی نیشانەکان (وەك مەشقە فۆرماڵییەکانی شانۆی ڕۆژهەلات) بەدەست ناهێنرێت وە بە ئەنجام ناگات.. ئەکتەرەکانی ئەو زیاتر سڕینەوەدەکەن،، واتە توخمەکانی ڕەفتاری ڕۆژانە بەجێدەهێڵن.

ئەکتەرەکانی گرۆتێفسکی ڕێگەیان پێنەدەدرا ،گۆڕانکاری لە دیکۆر و جلوبەرگدا بەکاربهێنن بۆ ئەوەی نیشان بدەن کە گۆڕانکارییەکان لە ڕۆڵەکان و لەناو کارەکتەرەکاندا ڕوودەدات. ئەو لەدیکۆر و ماکیاژ بە مانا تەقلیدییەکەی بەکارنەهێناوە.تەنها ئەو کەلوپەلانەی لەسەر شانۆ داناوە کە لە کاتی نمایشەکەدا و بەپێی پێویستی نمایشەکە بەکارهاتووە.

بە بڕوای گرۆتێڤسکی، بۆ ئەکتەرێکی مامناوەندئاسایی، شانۆ پێش هەموو شتێک بە واتای خۆی و ئۆرگانیزمی شەخسی خۆی دێت. ئەکتەرێکی لەم چەشنە وەها لە خۆڕازی و بێ شەرم ڕێگە بە خۆی دەدات کاری قێزەون و بێ بایەخ بکات کە پێویستی بە هیچ زانیارییەکی تایبەت نییە، وەک ڕۆیشتن، جگەرەکێشان، دەست خستنە گیرفانی و هتد. ئەم بزووتنەوانە لە ڕوانگەی خۆشیەوە هیچ مانایەکیان نییە، بەڵکو لە خۆیاندا خۆبژێون.

دەکرێت بەم شێوەیە لێکدانەوەی بۆ کرێتەوە کە لە شێوازی نمایشی گرۆتێڤسکیدا، ئەکتەروەک قەشەیەکە کە لیتۆرگیی دراماتیک دروست دەکات و لە هەمان کاتدا بینەر بەرەو ئەزموونەکە دەبات. کەواتە لێرەدا توخمێکی نوێ لە شانۆدا هەیە، گرژییەکی دەروونی لە نێوان ئەکتەر و بینەردا هەیە. مەبەست لە شانۆ و لە ڕاستیدا هەموو هونەرەکان ئەوەیە کە سنوورەکانی هونەر تێپەڕینن و سنوورەکان فراوانتر بکەن و بۆشاییەکان پڕ بکەنەوە و بمانگەیەننە کامڵبوون.هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە ئەکتەر دەبێت ڤێربێت ڕۆڵی خۆی بەو شێوەیە بەکاربهێنێت وەک ئەوەی "چەقۆی نەشتەرگەرییەکەی بێت بۆ پارچەکردنی خۆی".

گرۆتێڤسکی نمایشی شانۆی بە تەواوی لەو سنووردارکردنانەی کە سیستەمەکانی ئیتاڵی و یۆنانی بەسەریدا سەپاندوویانە ئازاد کرد. بە بۆچوونی ئەو ئەکتەر چیتر وەهمخواز و لاساییکەرەوە لەسەر شانۆی نەریتی نییە. ئەو چیتر هاوشێوەیەکی واقیعی یان دەستکردی کردارێک نییە، بەڵکو کردارێکە کە ئەکتەر ئەنجامی دەدات و بەشە جەوهەرییەکەی لە قووڵایی بوونەکەیەوە وەردەگرێت و ئەم کردارەش بەڕاستی پەردەلادانەکە. ئەگەر برێخت لەم بیرکردنەوەدا بوو کە وا بینەر بیر بکاتەوە، ئامانجی گرۆتێڤسکی ئەوەیە بینەر بە قووڵی تێکبدات و بەشێوێنێت و بیر وپرسیاری تازەی بۆ درووست بکات؛ ئەو مامەڵە لەگەڵ بینەرێک دەکات کە پێویستییەکی ڕۆحی پاکی هەیە و دەیەوێت لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی لە گەڵ شانۆ ، خۆی شی بکاتەوە. ئامانج لە نزیککردنەوەی ئەکتەر و بینەر لەیەکتر،بریتیە لە یارمەتیدان بۆ ڕوودانی شیکاری بەکۆمەڵە . ئەو پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی هەر لەسەرەتاوە ئەوە ڕوون بکاتەوە کە ئێمە مامەڵە لەگەڵ هیچ ئەکتەرێک ناکەین بەڵکو مامەڵە لەگەڵ ئەکتەری هەڵبژێردراودا دەکەین.

وەک وتمان یەکێک لە لایەنەکانی داهێنان و ئیلهامبەخشی گرۆتێڤسکی لە دنیای شانۆدا، شێوازی سەیرکردنی ئەو پرسی پەیوەندییە لەگەڵ بینەردا.

مێژووی سەرەتای ئەم سەدەیە دەریدەخات کە و بیانوویەک بۆ بەشداریکردنی بینەر لە شانۆکەدا، بینەران سووکایەتیی و دەست درێژیان پێکراوە . چەندین کاتژمێر لە شانۆدا بەردەوام چاوەڕێیان کردوە، بۆ وەرگرتنی بلیت لە ژێر دەست و پێ کەوتن ، پێڵاو و جلەکانیان داکەندرا. لە کاتی نمایشکردنی دوا ئەکتی شانۆگەری هاملێت لە پارکی ناوەندی نیویۆرک، فڕێدرانە سەر شانۆ، داوایان لێکرا تەقە لە پاشا بکەن، بەم شێوەیە ڕەنگە کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئاراستەی شانۆگەرییەکە، بەڵام لە هەموو ئەو بارودۆخانەدا بینەران دەیانزانی کە بەکارهێنراون و ڕەنگە سووکایەتیان پێکرابێت.

گرۆتێڤسکی، بە پێچەوانەی ئەوانی دیکە، لە هەر نمایشێکیدا بۆ تاقیگەی شانۆی پۆڵەندا، بە وردی بە وریاییەوە پەیوەندی نێوان بینەر و ئەکتەر لەگەڵ فەزای شانۆکەیدا گرتە دەست. لە وەحی بە وێنەدا، وازی لە هەر هەوڵێک بۆ ڕێکخستنی دیمەنەکە هێنا. ئەکتەرەکان و بینەران بەبێ هیچ نیشانەیەکی دیار و لە یەک ئاستدا چوونە ژوورێکی چۆڵ کە شوێنی نمایشەکە بوو.

لە شانۆی هەژار دا، کاردانەوەی بینەر بە مانای چەپکە گوڵ و وە چەپڵە لێدانی بێ کۆتایی نییە، بەڵکو بێدەنگییەکی سەیرە کە تیایدا سەرسامییەکی زۆر بە کەمێک توڕەیی و تەنانەت بێزاریش تێکەڵ دەبێت. پێویستە هەر لەسەرەتاوە ئەمە ڕوون بکرێتەوە.،بینەرانی گرۆتێڤسکی هەر بینەرێک نییە بڵکو بینەرێکی تایبەتن. مامۆستایەکی زانکۆ کە بۆ هەمیشە دروست بووە و گۆڕاوە بۆ "قاڵبێکی وشک و ترسناکی تەرمێک" ناتوانێت لەم ڕۆتینە تێبگات. بنەچەی کۆمەڵایەتی و باری دارایی و تەنانەت پەروەردەش ڕۆڵیان لە دیاریکردنی نوخبەی بینەردا نییە. کرێکارێک کە تەنانەت نەچووبێتە قۆناغی ئامادەیی دەتوانێت ئەم پرۆسەیە داهێنەرانەی گەڕان بەدوای خۆیدا بژی.

بێگومان دەبێت پێشوەختە شتێکی هاوبەش لە نێوان ئەکتەر و بینەردا هەبێت بۆ ئەوەی بینەر بە ئامادەییەوە لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەکتەرەکەدا دەست خۆ شیکردنەوە بکات.

## • گرۆتێڤسکی لە ئاوێنەی نمایشەکانیدا

لە ساڵی ١٩٦٦ بە بانگهێشتی بەرپرسانی شانۆی پاریس، **"هەمیشە شازادە"** لە شانۆی گەلان لە پاریس نمایشکرا.هەرچەندە گرۆتێڤسکی پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە بینەر سنووردار بێت و کەم کەس بینیویەتی، بەڵام نمایشەکە ناوبانگی جیهانی بەدەستهێنا.



**"هەمیشە شازادە"**

**"هەمیشە شازادە" نموونەیەکی تەواو بوو لە شێواز و بیرۆکەی پراکتیکی گرۆتێڤسکی. دیمەنەکە بەو شێوەیە دیزاین کرابوو وەک ئەوەی بینەران لە سەرەوەی ژوورێکەوە بە نهێنی سەیری ئەشکەنجەدانی کەسێک بکەن. لەم نمایشەدا گرۆتێڤسکی کەمترین سوودی لە دیکۆر و ماکیاژ و ڕووناکی وەرگرت و تا ڕادەیەکی زۆر ستایلەکەی بە جیهان ناساند. لەم نمایشەدا "ڕیچارد چیشلاک"[٢] ڕۆڵی شازادەی گێڕا.**

[٢] Ryszard Cieslak

دەگوترێ چیشلاك لەو ڕۆڵەدا وا نوقم بووە و بە زمانی گرۆتێڤسکی لە بەردەم بینەردا خۆی کردۆتە قوربانی، بەبێ ئەوەی قامچی لە پشتی بدرێت جەستەی سوور هەڵدەگڕا. " چیشلاك" هەندێك بە زانای نواندنی سەدەی بیستەم ناویان بردووە و هەندێکیش بە زانای نواندنی مێژوو ناویان بردووە. "چیشلاک" تاکە کەس بوو کە توانی بە شێوەیەکی کردەیی تیۆرییەکانی گرۆتێڤسکی جێبەجێ بکات و نیشانی بدات. ئەو جەستەیەکی نەرم و نیان ودەنگ و لێدوان و دەربڕینێکی بەهێز و و تێگەیشتنێکی بەرزی نواندنی هەبوو، ڕۆڵەکەی نەک بە شێوازی ئەکتەرێک، بەڵکو وەک ژیان گێرا. کۆمەڵە هەست و جوڵەی ئەو کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر هەموو بینەرێک بەجێدەهێشت و ئەو کاریگەرییەی کە بەجێماوە بۆ ماوەیەکی زۆر لەناو بینەردا دەهێشتەوە.



"ڕیچارد چیشلاک"

هەر زوو دوای ئەوە، "پیتەر بروک" کۆمپانیای ڕۆیاڵ شکسپیر ڕازی کرد کە گرۆتێڤسکی بۆ هاوکاریکردن بانگهێشت بکات ، چونکە پێیوابوو گرۆتێڤسکی هەریەک لە ئەکتەرەکانی سەرسام کردووە و "سەرسوڕهێنەری ڕووبەڕووبوونەوەی خۆیان بە سەرچاوە فراوان و بەکارنەهێنرا ودەست لێنەدراوەکانیان"دیاری کردووە.

گرۆتێڤسکی لە نمایشی شانۆی ئەکرۆپۆلیس،یەکێک لە شانۆنامەکانی "ویسپیانسکی"،شاعیر و شانۆنامەنووسی بەناوبانگی پۆڵەندی کردی بە بنەمای کارەکانی و پەیوەندیی بە ئەزموونەکانی پۆڵەندا لە جەنگی جیهانی دووەمدا کرد. لەم نمایشەدا ئەکتەرەکان فەزای تاریک کورەی مرۆڤ سووتاندن بە کۆمەڵێک بۆری و وایەری گەرمکەرەوە کە لە کاتی نمایشەکەدا کەوتبووە سەر شوێنی ڕووداوی شانۆکە، لە کاتی نمایشەکەدا بە خۆیان دروستیان کردووە.



شانۆی ئەکرۆپۆلیس

**"پیتەر چارلستن" ڕەخنەگری شانۆ سەبارەت بەم نمایشە دەڵێت: "ئەکتەرەکان پرۆپەکانی شانۆ نەک بە شێوەیەکی سروشتی بەکارناهێنن، بەڵکو بە خۆبەخۆیی خەیاڵی منداڵێک و پێگەیشتنی ئەکتەرێک پیشەیی، پسپۆڕ، دێکستەر و کارزان بەکاردەهێنن"بەم شێوەیە زەویی شانۆکە دەتوانێت ببێتە دەریا، و مێزیک ببێتە بەلەم و سیاجەکەی پشت کورسییەکەش دەتوانێت ببێتە ژووری زیندان".**

ئەگەرچی ئەم نمایشە سەر بە بەرهەمە سەرەتاییەکانی گرۆتێڤسکییە، بەڵام زۆر یەک لە توخمی ئەو نمایشە نموونەیەی تێدایە کە شوێنەواری گرۆتێڤسکی لە هەموو شوێنێکدا دەبینرێت. زۆربەی نمایشەکە بە چالاکی و جوڵەی ئەکتەرەکان دروست دەکرێت و دیکۆر و جلوبەرگەکانیش تا کەمترین ئاستی خۆیان بەکاردەهێنرێن.




ئەکتەرەکان ئەرکی تایبەتمەندکردن و دروستکردنی فەزا و نیشاندانی هەست و سۆزەکان بە باشی ئەنجام دەدەن و ئەکتەرەکان بەبێ نەخوازراو بە جۆرێک نواندن دەکەن کە جۆرێک لە نموونە یان مۆدێلی بنەڕەتی لەبارەی شانۆی هەژار و ئەکتەری هەڵبژێردراوەوە، (ئەکتەر-قوربانی؛ ئەکتەر-عیرفان؛ ئەکتەر-هاوڕێ)دروست بکات. ڕواڵەتی بێدەنگ و جوڵەی ئەکتەرەکان، سەرەڕای سادەیی، زۆرئاشکرا و بەگوێرەی چیرۆک و کەسایەتیەکان و کەشوهەوای شانۆکە ڕێک وڕوونکەرەوەن. یەکێک لەگرنگترین و ئاگادارترین خاڵەکانی فێرکاری ئەم نمایشە بۆ قوتابیان و خوێندکاران وهونەرخوازان ئەوەیە کە ئەکتەرەکان بەڕێنوێنی گرۆتۆڤسکی و تێگەیشتن و کۆنترۆڵی خۆیان بە شێوەیەکی سروشتی هیچ جوڵەیەکی زیادەیان یا جووڵەیەکی ناتەواویان نییە ، شتێک کە ئەمڕۆ لە شانۆی ئێمەدا بەدی دەکرێت دەتوانێت زۆرفێرکاریو زانیاریدەر و یارمەتیدەر بێت، و ڕێگری بکات لەو نمایشانەی کە بە سەختی و بە زەحمەت بەرهەم دەهێنرێت بۆ نمایشێک کە توخمێکی ناتەواو یان زیادەیان تێدایە.

**لەم نمایشەدا گرۆتێفسکی هەموو ئەگەرەکان و ئاسانکارییەکانی شانۆی هەژاری بەکارهێناوە. لە کۆبوونەوەی ئۆبژە و ئەکتەرەکانەوە، ئیکسسواراتی سادە و کارایی، دیمەنی کۆمیدی و تراژیدی پێکەوە، مێزانیسێنەکان کە چیرۆکی شانۆیەکی هەژار دەگێرنەوە و ئەکتەرەکان کە بە ئاماژە و جووڵە و ڕەفتارەکانیان ڕۆڵ و هەست و سۆزی خۆیان بە باشی دەگەیاند. دەتوانرێت ئەم شانۆیە ناوزە بە پەڕەی دەستپێکردن ناوببرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرنجەکان و تێروانینەکانی گرۆتێفسکی لە پراکتیکدا.**

**ڕەخنەگران ئەم نمایشەیان بە شاکاری گرۆتێفسکی ناوبرد. "ئاپۆکالیپس"وەک ئەزموونە نوێیەکانیان،وەک یەک داهێنان لەسەر زەوی (کاری زەمینی)(Ground Work) ئامادەکرا. "ئەپۆکالیپس" لە بنەڕەتدا دەرئەنجامی دوو ساڵ کارکردن و ئیمپرۆڤیزەیشن و گفتوگۆ بوو، کە لەسەر بنەمای هیچ دەقی دراماتیکی دیاریکراوی تایبەت پێشکەش نەکرا. ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەی کە گرۆتێفسکی جەختی لەسەر کردۆتەوە، واتە پێویستی پێداچوونەوە بە دەقەکە و بنیاتنانەوەی بە فۆرمێکی مۆدێرن وجێگەی تێگەیشتن بۆ بینەران. ئەو شتانەی کە لە فەزای پراکتیک-ئەدای کارکردندا بەدەست هاتبوون فراوانتر کران؛ نمایشەکە کۆلاجێک بوو لە کتێبی پیرۆز، برایانی کارامازۆڤ دۆستۆیڤسکی ، شیعرەکانی تی. س. ئێلیۆت (چوارشەممەی خۆڵەمێش، زەوی وێران و بیابان، و پیری) هەروەها هۆشیاری سەروو سروشتی لەلایەن سیمۆن وایلەوە. شوێنی نمایشەکە فەزای کڵێسایەک بوو کە قەبارەکەی ٢٥ x ٣٠ مەتر چوارگۆشە بوو. دوو سپۆتلایت(Spot) لەسەر زەویەکە بوون و فەزای نمایشەکەیان ڕووناک دەکردەوە، لە تەنیشتیانەوە نزیکەی سەد بینەر لەسەر زەوی دانیشتبوون لەکاتێکدا پشتیان بە هەر چوار دیوارەکە بەستبوو، نمایشەکەش بۆ ماوەی نزیکەی کاتژمێرێک بەردەوام بوو.**



**"ئاپۆکالیپس"**

ئەم نمایشە سەرەڕای ئەوەی توخمەکانی شانۆی هەژاری هەبوو(پیشاندانی شوێن ودیمەنی شانۆ بە نواندنی ئەکتەر، دیکۆری سادە و کەمترین، گۆڕینی دەق لە پێناو نمایشەکە، بەکارنەهێنانی تەکنەلۆجیای شانۆیی باو)، جۆرێک لە شانۆی پۆستمۆدێرنیشی پێشکەش کرد. بەکورتی، توخمە پۆستمۆدێرنەکانی ئەم نمایشە بریتی بوون لە: چیرۆکی هاوتەریب و فرە کە هەندێک جار لایەنگری دژە چیرۆکەکە بوو،، بەکارهێنانی توخمە کۆنەکان و مۆدێرنەکان پێکەوە، پەرشوبڵاوی و فرەیی ڕوانگەی بینەر، جەخت نەکردنەوە لەسەر چیرۆک و لەبری ئەوە جەختکردنەوە لەسەرفۆڕمی ئەدای کارکردن و فەزای ئەدای دراماتیکی دروستکراو، توخمە کۆمیک و تراژیدیەکان پێکەوە، بوونی ڕێکخستنی هەستیاری-دەروونی لەبری ڕێکخستنی لۆژیکی-عەقڵانی لە نمایشەکەدا و...

گرۆتێڤسکی لە ساڵی ١٩٦٢دا بە پشت بەستن بە دەقێکی جولیۆس سلۆڤاکیا نمایشی "کوردیان"ی پێشکەش کرد. لەم نمایشەدا جەختی لەسەر بەشێک لە کردارێکی دراماتیک  کردەوە کە لە نەخۆشخانەی دەروونیدا ڕوودەدات. ژوورێکی گەورە کە جێگەی ژمارەیەکی بێشومار یقەرەوێڵەی نەخۆشخانەی تێدا دانرابوو؛و بینەران لەسەریان دانیشتبوون و ئەو ئەکتەرانەی کە بە جوڵە ئەکرۆباتیەکانیان ڕۆڵەکەیان نمایش دەکرد، لەخۆدەگرت.

گرۆتێڤسکی بەم نمایشە میتۆدەکانی خۆی دووبارە خستە بەر چاو و حوکمدانی گشتی، لە کاتێکدا زۆر پێوانەتر و زۆر جوانتر بووبوو. ئەودووانەیی مەودای فەزای نمایش-بینەری لابرد و بە هەڵبژاردنی نەخۆشخانەیەکی دەروونی، بە شێوەیەکی کرداریی تێکدان وشێواوی بینەرانی جێبەجێ کرد. لەم نمایشەدا بینەران بە تێڕوانینێکی جیاوازەوە ڕووبەڕووی نەخۆشخانەی دەروونی و نەخۆشی دەروونی بوونەتەوە . شێواوی و شڵەژانی دەروونی نەخۆشە دەروونییەکان  بۆ سەرلێشێواوی جووڵەی ئەکتەرەکان گۆڕابوو و مێزانسێنەکان شوێنی نەخۆش  و پزیشکی دەروونی دیاری دەکرد و هەندێکجاریش شوێنەکانیان دەگۆڕی. نەخۆشخانە لەم شانۆیەدا بە جۆرێک هێمای جیهان و کۆمەڵگا و نەخۆشەکان هێمای ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان لە قەشە تا دەگاتە کرێکار بوون. ڕەخنەگران ئەم نمایشەیان بە هەنگاوێکی دیکە  لە ئاراستەیەکی تری جێبەجێکردنی تیۆرییەکانی گرۆتێڤسکی، کە سنوورەکانی شانۆی هەژاری فراوانتر کرد وئاسانکارییەکان و ئەگەر و و مەودای سنوورەکانی زیاتر نیشان دەدا ناوبرد.

لە ساڵی ١٩٦٣دا تراژیدیای مێژوویی دکتۆر فاوست لە نووسینی کریستوفر مارلۆ نمایشێکی دیکەی گرووپەکە بوو. بیرۆکەی بنەڕەتی ئەم نمایشەلەسەر ئەم بنەمایە دروست بووبوو کە کاتژمێر یازدەیە. تا نیوەشەو کاتێکی زۆر کەم ماوە و فاوستۆس  دەبێت تووشی نەفرەتی هەتاهەتایی بێت. ئەو هاوڕێکانی - بینەرەکان -بۆ ئاهەنگی ئێوارەخوانەکەی بانگهێشت کردووە. فاوستۆس لەسەر سەر مێزی تایبەتی ئاهەنگەکە دادەنیشێت وهەروەها ئامادەبووان لە بەشە جیاوازەکانی هەردوو لای مێزەکە دادەنیشن. ئەو ڕابردووی خۆی لە چوار دیمەندا  کە لەلایەن ئەکتەرەکانەوە لەسەر مێزەکان نمایش دەکرا دەگێڕێتەوە.

گرۆتێڤسکی لەم نمایشەدا بۆچوونەکانی خۆی لەسەر تیۆرییەکانی فرۆید (ئاگادار و نائاگا،  لیبیدو، خود و خودی باڵا)، پرسی گوناە و ڕزگاری و لێخۆشبوون، شەیتان و فریشتە و خودا لە ئایینەکاندا، گوناهباری مرۆڤ و گوناهی ڕەسەن (خواردنی میوەی قەدەغەکراو) خستەڕوو. بێگومان گرنگ ئەوەیە کە ئەو بۆچوونەکانی بە شێوەیەک خستەڕوو کە بینەر بتوانێت کاریگەرییە کەسی و ئاوازەکانی خۆی بدۆزێتەوە. ئەم نمایشە یەکێک لە گرنگترین تیۆرییەکانی گرۆتێڤسکی لەخۆگرتبوو، کە بەپێی ئەو تیۆرییە ئەکتەر و بینەر دەبێ بگەنە یەکێتییەکی سۆزداری-فکری و پێکەوە و پێکەوە بەشداری لە نمایشێکدا بکەن. هەروەها ئەو ئەکتەرەی کە ڕۆڵی فاوستۆسی دەگێڕا دەبوو کردەی پەردە لەسەر خۆی لەبەردەم بینەران ئەنجام بدات و بینەر دوای ئەم کردارە بە یەکبوونێکی ڕۆحی لەگەڵ ئەکتەرەکەدا دەگەیشتن. ئەم نمایشە بەهۆی جۆری دیکۆر و جۆری پەیوەندی نێوان ئەکتەر و بینەر و پێشکەشکردنی چەمکە ئایینی-فەلسەفی و دەروونییەکان بە شێوەی فۆرمێکی دراماتیک-بینراودا، زۆر ستایشی دەکرێت و ناوبانگێکی زۆری بەدەست هێنا.

**لە ساڵی ١٩٦٥ شازادەی جێگیر (شازادەی جێگیر، هەمیشە شازادە) لەسەر بنەمای دەقێکی سلۆڤاکی نمایشکرا، کە ئەویش خۆی تراژیدی سەدەی ١٧ی کالدیرۆنی نووسیبووەوە،نمایشکرا. بینەران لە لێواری بینای شانۆکەوە شایەتحاڵی ئەشکەنجەدان، دوا ئیکستازی مردن ی کۆتایی وشاهیدی ئەشکەنجە وشەهیدبوونی شازادە لە وێنەی ناوەندی شانۆکەدا بوون. بینای شانۆکە شتێکی هاوشێوەی تەلارسازی هۆڵەکانی شەڕی گا یان ژوورەکانی پشکنینی جەستە و پارچەکردن بوو کە بینەر لە سەرەوە دەیتوانی شاهیدی هەموو شتێک ببێت.**

**وەک وتمان لەم نمایشەدا ڕیچارد چیشلاک لە ڕۆڵی شازادەدا دەرکەوت و گرنگترین و کاریگەرترین و سەرنجڕاکێشترین نواندنی خۆی پێشکەش کرد. نواندنەکەی چیشلاک جێگەی تێبینیەکان و ستایش بوو، لەوانە: زیادەڕەوی لە دەربڕینی دەموچاو گونجاوە بۆ کردارەکانی شانۆ (ئەشکەنجەدان)، ئاماژەی زیادەڕەوی،دەربڕین و گونجاو لەگەڵ کارەکتەرەکەدا، نیشاندانی کاریگەری ئەشکەنجەدان لەسەر جەستە بەبێ هیچ پەیوەندییەکی ئامرازی ئەشکەنجەدان. وروژاندنی هاوسۆزی و بەزەیی ئامادەبووان تەنانەت بە پۆزی ئیستاتیکیشەوە، کارلێکەکانی لەگەڵ ئەکتەرەکانی تری ڕۆڵی ئەشکەنجەدەر و...**

**شانۆی تاقیگەیی دوای ساڵی ١٩٦٥ بەهۆی دەوڵەمەندی هونەری نمایشەکان و رێکوپێکی و دیسپلینی گروپەکە، نمایش و وۆرک شۆپەکان لە دەرەوەی پۆڵەندا و لە فەرەنسا و ئینگلتەرا و سوید و دانیمارک و دواجار لە ساڵی ١٩٦٧ ئەنجامدرا. لە ئەمریکا بەڕێوەدەچێت. هەروەها گروپی گرۆتێڤسکی لە ساڵی ١٩٦٩. گەشتیان بۆ ئێران کرد و لە فێستیڤاڵی هونەری شیراز شانۆی "شازادەی جێگیر (هەمیشە شازادە) "یان پێشکەش کرد.**

## ● لە شانۆی سەرچاوەوە بۆ شانۆی باڵاتر.

**شانۆی نافورەکان، وەک گرۆتێڤسکی خۆی بەو ناوی دەبات، بریتیە لەوەیە کە ئێمە بگەڕێنێتەوە بۆ نافورەکانی ژیان، بۆ ئەوەی ئەزموونی سەرەتایی بەرەو ئەزموونی ئۆرگانیکی بنەڕەتی ببات. ئەنتوان ئارتۆ باسی لەو تیۆریانە کرد کە شانۆی هاوچەرخ دەبێت لەسەر بنەمای ڕێوڕەسم و ئەفسانە بنیات بنرێت؛ کە شانۆ لە ڕووی دەروونییەوە ڕووبەڕووی بینەر ببێتەوە. گرۆتێڤسکی شێوازەکانی ئەوی فراوانتر کرد. ئەولە قۆناغی یەکەمدا شانۆی وەک ڕێوڕەسمێک دەبینی، ڕێوڕەسمێک کە بینەربۆ بەشداریکردن تێیدا بانگهێشت دەکرێت . ئەو پێی وابوو بینەران یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی نمایشێک وە دەبێت لە شوێنێکدا دابنرێت کە بتوانێت بەبێ خۆئاگابوون ڕۆڵی خۆی بگێرێت.(بەشداری ڕاستەوخۆی بینەر لە شانۆیەکدا وا دەکات خۆی ئاگا بێت)لەسەر ئەم بنەمایە گرۆتێڤسکی کاردانەوەی دەروونی ئامادەبووانی هەڵبژارد، ئەو بینەر هەڵدەبژێرێت (پێشبینی دەکات) بۆئەوەی مەودایەکی دەروونی گونجاو لە نێوان بینەر و ئەکتەردا دروست بکات، یان لە دەقی شانۆنامەیەک دەکۆڵێتەوە بۆ دۆزینەوەی نەخشگەلێک کە مانای گشتییان هەبێت بۆ بینەرانی ئەمڕۆ.**

**بۆیە بەشێکی گەورەی دەقی شانۆنامەکەدەسڕێتەوە و باقیەکەی ڕێکخستن و ڕیتمی دووبارەی بۆ دەکردەوە.**

**لە ساڵی ١٩٧٠ بەدواوە گرۆتێڤسکی وتی گروپەکەی گەیشتووەتە کۆتایی گەڕانی تەکنیکی خۆی و دەیەوێت واز لە نمایشکردن بهێنێت: "ئەکتەرەکانم بەربەستەکانیان شکاندووە، ئەوانەی دێن بۆ بینینی شانۆکەمان هەنگاو دەنێنە شوێنێکی تایبەتەوە بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەک ژیانی ڕۆژانەیان لەبیر بکەن". »**

**لە ساڵی ١٩٧٦ لە فێستیڤاڵی شانۆی گەلان لە بەلگراد بیرۆکەکانی بە ئاشکرا ڕوون کردەوە: ""ئێمە ئیتر نمایش ناکەین؛ لە گروپی گەورە یان بچووکدا هانی پرۆسەی تایبەت دەدەین کە ڕەنگە چەند ڕۆژێک بخایەنێت، لە شوێنی جیاواز و لەگەڵ کەسانی پاشخانی جیاواز. بەڵێ پرۆسەیەکی لەو جۆرە خودی شانۆیە. ئێمە بەدوای ئەوەدا نین کارەکتەرەکانی ناو شانۆنامەیەک دروست بکەینەوە. ئێمە خۆمانین. ئایا ئەمە شانۆیە؟ یان شتێکی ترە؟"**

**گرۆتێڤسکی ئەم دیاردەیە بە مێتا شانۆ(شانۆی باڵا) ناودەبات. یەکێک لە بەشداربووانی مێتا شانۆ نووسیویەتی: "لە چەند ڕۆژی یەکەمدا پێکەوەین".ئەو خووانەی کە تایبەتن بە ژیانی شار وردە وردە وازیان لێدەهێنرێت. وردە وردە بەرامبەر بە یەکترهەستیار دەبین .لێرەوە سەختە. زەوی هەڵدەکۆڵین،ئێمە دارەکان دەبڕین،کوخێکی گەورە دروست دەکەین بۆ ئەوەی ببێتە ماڵمان"**

**لە ماوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا پرۆژەکانی مێتا شانۆ(شانۆی باڵا) لە ژێر ناوی جیاوازدا پێشکەش دەکران. لەوانەش جەژنHoliday ، پرۆژەی تایبەت، پرۆژەی شاخ، هتد.**

**ئەم ئەزموونانە بە ئامادەبوونی تەواوی ئەندامانی تاقیگە و هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی شانۆیی و ناشانۆیی کە لە چوار گۆشەی جیهانەوە بانگهێشت کراون، ڕوویان داوە. کەسانی وەک: تادیۆش کانتور، بروک و... ئەم پرۆژانە بە شێوەیەک ڕێکخرابوون کە چەند ڕۆژێک یان چەند هەفتەیەک بەردەوام بوون و هەندێک جار لە دارستان و لە شاخ و هەندێک جاریش لە ناوچەیەکی ناوەوەی پارێزراودا ڕوویان دەدا.**

**گرۆتێڤسکی بۆ ئەمەی کە ووتی وازی لە شانۆ هێناوە ،ڕەخنەی لێگیرا. نوێترین چالاکیی مێتا شانۆی ئەوان لە ڕاستیدا مەودای سروشتی هونەر لە ئەزموونە شانۆییەکاندا نیشان دەدات. گرۆتێڤسکی پێداگری دەکات کە ئەم پرۆژانەجوریك لە پراکتیکی نواندن نین؛ هاوشێوەی چارەسەری دەروونی، و عیرفان و یان شتێکی وایان نییە. ئەوان بە سادەیی لە داهێنانی تاکدا مانای ئازادییان بەدەستهێنا؛ ئەگەری کۆبوونەوە و پێکەوە کارکردن (بێگومان بەبێ وشە) لە فەزایەکدا کە بە وردی بۆ بەریەککەوتنێکی لەو شێوەیە داڕێژرابوو.**

پرۆژەی داری خەڵک(Drzewo Ludzi) لە ٥ی ژانویەی ١٩٧٩ کرایەوە. هەروەها نزیکەی پانزە ئەندامی شانۆی تاقیگە ئامادەبوون: خودی گرۆتێفسکی، لودۆڤیچ فلاژن، و کاستی تەواوی ئەو ئەکتەرانەی کە هێشتا نمایشی ئەپۆکالیپسیان دەکرد؛ جگە لە تازەهاتووان و ئەندامانی گەنج کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا پەیوەندییانپێوە کردبوو.

"پێمان گوترا حساب بۆ ئاسوودەیی و خواردنی ئاسایی و خەوتن نەکەین، هەروەها نابێت وەک ئەو خوێندکارانە بین کە چاوەڕێی پەروەردە لە مامۆستاکانیان دەکەن." هەروەها نابێت چاوەڕوانی خوڵقاندنی دۆخێکی شانۆیی یان کارایی وەک ئەکتەر بین. نامەیەکمان پێدرا کە کۆمەڵێک پێشنیار و ڕێنمایی لەخۆگرتبوو کە بە ئەنقەست ناڕوون و وە هەروەها شیعریش بوو، وە ئەگەری تێڕوانینی جیاوازی دروست کرد: "بەشێک بە لە گروپەکە؛ با لە تۆدا لەدایک بێت؛ با ژیان بێتەوە؛ با لە تۆدا گەشە بکات." لەبری ئەوەی لە توخمەکەی وردبینی نزیک بیتەوە، ڕاستگۆ بوون و ڕاشکاوانە بوون بیکە بە پیشەی خۆت ." (یەکێک لە بەشداربووان)

"کاتێک کارمان دەکرد، تەنها لە ڕیزبەندی ورێکوپێکی شەو و رۆژ تێدەگەیشتین". ئێمە کارمان لەسەر ئەو شتانە دەکرد کە دەبێ بیڵێم: ئیمپرۆڤیزەکردن و دروستکردنی بەکۆمەڵ کە نازارەکی بوون. بە پشت بەستن بە ڕێککەوتنێکی هاوبەش و ئینتێلێکتیڤ، زمانمان بەکار نەهێنا. ئێمە لە فەزای نمایشدا گفتوگۆمان نەبوو؛ لە بەراوردداا دەتوانین بڵێین ئەو گرووپە وەک ئەندامانی گرووپێکی گەورەی جاز کە ئەندامەکانی دوای یەکتر دەکەون؛ واز لە یاریکردن دێنن و هەم لە ڕووی دەربڕین و هەم لە ڕووی جووڵەوە ڕێنمایی کەسێکی تر دەکەن. جەستەکان هەندێک جارلێک دەکەوتن، هەندێک جار دەمانتوانی پێکەوە ئیمپرۆڤیزە بکەین، گۆرانی بڵێین، بەڵام بە شێوازی ئاسایی وبە سۆز و مێلۆدی نەبوو: . هەندێک شت هەندێک جار لە سەمایەکی ئەمریکی-هیندی یان گۆرانییەکی خەوتنی سکاندیناڤیا یان مێلۆدی بلوز دەچوو و دەتوانرا درێژ بکرێتەوە. گرۆتێفسکی خۆی سەبارەت بەم چالاکییە پارشانۆییە وتی:

"The Communion is only temporary":

"کۆمۆنیۆن تەنها کاتییە" (یەکێک لە بەشداربووان)

## ● کۆتایی

دەکرێ بەرهەمەکانی گرۆتێڤسکی بەسەر دوو قۆناغی سەرەکیدا دابەش بکرێن.قۆناغی یەکەم: ١٩٦٠ و قۆناغی دووەم: ١٩٧٠.

لە قۆناغی یەکەمدا گرۆتێڤسکی دەڵێت: شانۆ زیاتر لە پێویست لە تەکنیکەکان و هونەرەکانی تر و تەکنیکەکانی دیکە بە تایبەت سینەما و تەلەفزیۆن وەرگرتووە و جەوهەری ڕەسەنی خۆی ون کردوە و لەدەست داوە.

لەم ئاستەداهەوڵی سەرەکی ئەو لابردنی هەموو ئەو شتانە بوو کە لە ڕاستیدا بۆ شانۆپێویست نین. ئەو خۆی ئەم ڕێبازە بە شانۆ هەژار ناودەبات.

لە قۆناغی دووەمدا شانۆ و ژیانی تێکەڵ کرد و شتێکی نوێی دروست کرد کە هاوشێوەی گەشتە خێزانییەکان و پیکنیک و کەمپی کات بەسەربردن-پەروەردەیی بوو. گرۆتێڤسکی بە سەرنج و نمایشەکانی یارمەتی ئەکتەر و بینەر دەدات کە فۆرمێکی دەرەکی و شانۆیی بە هەستەکانیان بدەن، گرنگی بە پێداویستییە ڕۆحی و سۆزدارییەکانیان بدەن و وەڵامیان بدەنەوە و لە هاوبەشکردنێکی دراماتیک-ڕۆحی لەگەڵ کەسانی دیکەدا ئەزموونیان بکەن.

هەندێک کەس لە ناسینی گرۆتێڤسکی بە هەڵە تێگەیشتوون. هەندێک بە دەرهێنەرێکی عیرفانیی دەناسن و هەندێکیش بە مۆدێرنیستی ئەنارشیست دەزانن. ئەوەی دڵنیایە، ئەوەیە کە گرۆتێڤسکی لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی خۆی بۆچوونی جیاوازی هەبووە و بەم بۆچوونانە و نمایشکردنیان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شانۆی سەدەی بیستەم هەبووە.

بە بڕوای من گرنگیی ئەکتەر لە بەرهەمەکانیدا دەتوانێت زۆر بەسوود بێت بۆ کۆمەڵگەی شانۆیی ئێمە، چونکە بە هەبوونی ئەکتەری بەهێز دەتوانین بەسەر سنووردارکردنی تەکنیکی شانۆدا زاڵ بین و "سنوورەکان" بکەینە "دەرفەت".بێگومان ئەوەی گرۆتێڤسکی بە "شانۆی هەژار" ناوی برد، ڕێبازێک بوو لە دژایەتیکردنی شانۆی ئەرستۆکراتی یان تەکنەلۆژیی ئەوروپا و ئەمریکا، بەڵام شانۆیەک کە بەهۆی نەبوونی ئیمکاناتەوە لە هەندێک تەکنەلۆجیا بێبەش بێت، ناکرێت بە شانۆی هەژارهەژمار بکرێت.

لە هەر حاڵەتێکدا بە کەڵک وەرگرتن لە بۆچوون و نمایشەکانی دەتوانین شانۆیەک بەدەست بهێنین کە لە ڕووی ڕواڵەت و تەکنەلۆجیاوە دەکرێ بە هەژار ناوی بهێنین، بەڵام لە ڕووی مانا و هونەر و مرۆڤایەتییەوە بەرهەمدار و دەوڵەمەند بێت.

**سەرچاوەکان:**


**وتاری دکتۆر"مسعود دلخواه" لە سیمیناری گرۆتێڤسکی (زانکۆی پەروەردەی مامۆستایان)**

**جەیمس ڕۆز ئۆوێنز. شانۆی ئەزموونی. وەرگێران: مستەفا ئیسلامی**

**روبین، ژان ژاک. شانۆ و دەرهێنان. وەرگێر: مهشید نونهالی.**

**گرۆتێڤسکی، یەرژی. بەرەو شانۆی هەژار. وەرگێر: کیاسا ناظریان**

**جەیمس ڕۆز ئیڤانس. مێهیر هۆڵد و شانۆی پیشتاز. فەرهاد مەجدەبادی**

**شانۆی ڕۆژهەڵات - شانۆی ڕۆژئاوا - کۆکردنەوەی بابەتەکانی شانۆ - یەرژی گرۆتێڤسکی - محەممەد عەلی سوتی، تاران، ناوەندی هونەرە نمایشییەکان -**

**گۆڤاری چارەکی تایبەتمەند لە شانۆ و هونەرە شانۆییەکان - قۆناغی نوێ - پایز و زستانی ٢٠١٤**

**گۆڤاری دراما، ئەکتەری سەدەی بیستەم، ئادت ئەسڵان، مەحمود عەزیزی.**

**گۆڤاری شانۆ، ئەکتەری داهاتوو، مەحمود عەزیزی، ژمارە ١٢،**

**گۆڤاری شانۆ، مێهیر هۆڵد و بەشێک لە قسەکانی. یوریک کەریم مسیحی. ژمارە سێ، ١٥ی کانوونی دووەمی ١٣٦٦**

**بابەتەکانی ئێنترنێتی: منوچێهر ئەکبەرلو، خوسرەو ئەمیری، ڕۆبەرت فیندلای (کە خاوەنی کورسی گرۆتێڤسکییە لە زانکۆی کانزاس)، دانیال هایداری، ئیحسان شادمانی، محەمەدی حاجی محەمەدی، محەمەد مێهدی قاهیری و عەلی بارانجیان و گفتوگۆی کۆلێت گۆدارد لەگەڵ گرۆتێڤسکی (وەرگێر: مەسعود نەجەفی) ) .**

[https://theater.ir/fa/١٦٧٥٧](https://theater.ir/fa/١٦٧٥٧)